## گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران ..

### ئاخر دەچن بۆ مەلە ..

دوای تێپەڕینی چەندساڵێک بەگەیشتنی خێزانە کوردەکە بەهەندەران لە کێشتان خوانێکی خانەوادەیی دا هەموو بەیەکەوە نانیان دەخوارد بەدەمیشیەوە نوکتە و بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە کوڕی ناوەنجی هەردەم قۆشمەچی و وروژێنەری زەردەخەنە و پێکەنینەکان بوو دانەدەکاسا باسێکی دەدیتەوە بیکاتە فرق و هۆڕی پێکەنین . کوڕی گەورە هەلی وەرگرت : ئەوکاتەی گەیشتینە ئێرە لەفڕۆکەخانەوە بەپاس هاتینە وێستگەی شەمەندەفەرەکە کەسواربووین یەکەم جارم بوو لام زۆرخۆش بوو فارگۆنەکە وادووروودرێژبوو وەک پاسە کۆنەکانی هێڵی کورانی هەولێر نەبوو هیچ کوشینێکی نەدڕابوو ! پان و بەرین هەردوو کەسە بەرامبەر یەکتری دانیشتبوون منیش کورسیەکانم دەگۆڕی و ئێرەو ئەوێم دەکرد . لەوێسگەیەکیان پیاوێکی ڕەش پێست سوار بوو منیش سەیرم پێ هات ئەو پیاوە لۆ ڕەشە ؟ قەتم شتی وا نەدیتبوو ! بەدرێژایی ڕێیەکە تەماشام دەکرد و منیش زمانم لێ دەردەهێناوە ، دوایی کەدابەزی بۆم دەرکەوت ئەو زمانی لەمن دەرنەهێنایە تەنیا لچ و لێوی وا ئەستورە من بەزمان لێ دەرهێنانی تێگەیشتبووم . کچی گچکەش بواری وەرگرت بەپێکەنینەوە باسی ئەوەی کرد : کە تا ماوەیەکی زۆر و ئەم دواییانەش هەر وای تێگەیشتووە ! پێش چەند ساڵیک چوون بۆ پایتەختی وڵاتە خانەخوێکە لەوێ لەکاتی هاژووتنی ماشێنەکە لەلایەن باوکیەوە کچە لەدواو دانیشتووە لەشەقامێکدا چەندین ژنی لەشفرۆشی بینیوە بەسەر شۆستەکەوە بەدەرپێ قوتە و ستیانەوە وەستاون خەریکی گوزەرانی کاری خۆیان بوون ئەویش لەباوکی پرسیوە : ئەرێ بابە ئەو ژنانە لۆ وا خۆیان ڕووت کردیتەوە ؟ بابەش چی بڵی بێ سێ و دوو دەڵێ : ئاخر دەچن بۆ مەلە !

دڵشاد تاقانه



Dlshadtakana@yahoo.com